? Dengekan
Signature Not Verified
Digitally signed by Dengekan
DN: cn=Dengekan, o=Goran Abdullah, c=US
Date: 2002.12.01 09:54:06 -06'00'

## ناميلكەی ٢

# بەشێك لە ووتار ونامەكانی
# ماركس و ئەنگلس



لە عەرەبی و ئەلمانييەوە     سەلام عەبدوڵڵا

2002

پێشەكییەكی كورت:

من نەمدیووە، لە ماڵپەڕێك خۆی بە كۆمونیست بزانێ، وەرگێرانی نووسراوەكانی ماركس و ئەنگلس و لینین لە"لاپەڕەی ئازاد" بلاوبكەنەوە!ئەوەتە، ئەمەشمان بینی! نەمبیستووە، كەسێك یا لایەنێكی كۆمونیست یا چەپ، هێشتا بە حاڵ ماركسیزم بە زمانەكەی بلاوكراوەتەوە، كەچی داوای بابەتی ماركسی نوێ دەكەن!هێشتا بە پوختی دەستمان بە كار نەكردووە بۆ وەرگێران، سایتێك كە گوایە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بكرێ، بە پێچەوانەی رێككەوتن لە گەڵ هاورێیەكی خۆشەویست، كرا بە سایتی گروپچێتی! بەبرادەرێك، پاش پاشگەزبوونی لە"ئەدەب و هونەری پرۆلیتاری"، بە بێ ماڵئاواییكردن یا داوای لێبووردن لە خوێنەر كە بۆ چەند ساڵێك"هەڵیخەلاندن"، لە وتارێكیدا دەنووسی: ( ...هەوڵدان بۆ بنیاتنانی كۆمەڵگای سۆسیالیستی و كۆمونیستی بە باش، درووست و بناغەیی دەزانێت. ئەمیش ئەڵتەرناتیڤێكی حازربەدەستی هەر ئەندامێكی ئاسایی و بێفەرهەنگی رێكخراو پارتە چەپەكانە، ئەویش تینویەتی خوێنەری بە هەڵپە و سەوداسەری ئەم سەردەمە ناشكێنێت).

ئەی خاوەن"فەرهەنگ"تەشریفتان بهێنن و وەكو جاران، بە هەمان هیمەت، نەختێ لەو فەرهەنگی بادانەوە جوانە كە بە خێر بەم ئاخری عومرە، فێری بوون، نەختێك بەشی خەڵكی لێ بدەن!

بەگشتی، هەوڵی وەرگێرانی بیروباوەڕی بیرمەندانی بزووتنەوەی كۆمونیستی بووە بە یەكێك لە ئەركە سەرەكییەكانمان، هیوام وایەو چاوەڕوانم كە ئەو هاورێیانەی ئامادەیی خۆیان پیشاندا بۆ بەدیهێنانی ئەم ئەركە، دەست بەكار بن و كەمتەرخەمی نەكەن. لە راستیدا بابەتەكانی ئەم نامیلكەیە زۆر زۆرترە لە قەبارەی ئێستای و چەند وتارێكی هاورێ لینین(لە بارەی شازشكاری)، ماركس(كرێ، نرخ و قازانج)و (كرێ و سەرمایە) و چەندین نامەی تر كە بڕیار وا بوو لە دووتۆی ئەم نامیلكەیە بلاوبكرێنەوە، بەلام لە بەر چەند هۆیەك، لەوانە هەواڵی ئەوەی كە بابەتی كرێ وسەرمایە بۆ كوردی وەرگێراوە، بۆیە وا باشە چاوەڕوانی لیستەی ئەو بابەتانە ببم كە وەرگێراون...هتد.

چاوەڕوانی ڕەخنە و سەرەنج  هاریكاریتانین...

٢٠٠٢/٧/٢٠

salamabdula@hotmail.com

## کارل مارکس

## چەند بابەتێك لە بارەی فۆیەرباخ

(1)

کەموکۆڕی سەرەکی هەموو مەتریالیزمەکانی رابردوو تا ئێستا–بە مەتریالیزمی (فۆیەرباخ)یشەوە– ئەوەیە کە، تێڕامان لە شت، حەقیقەت و هەستیاری، تەنها لە ژێر فۆرمی **ئۆبێکت** یا **روانگە** دەکەن، نەك وەك *چالاکی مرۆیی هەستیار، پراکسیس،* نەك سوبێکتیڤ(خود). لێرەوە، ئەوە روویدا کە ئیدیالیستەکان، لە دژی مەتریالیزم، گەشەیان بە لایەنی بکەر دا، بەلأم تەنها ئەبستراکتانە(مجرد)، چونکێ ئیدیالیزم، هەر بە سرووشتی خۆی، چالاکی واقیعی هەستیار ناناسێ. فۆیەرباخ شتی هەستیاری دەوێ– بە شێوەیەکی فعلی، جیاواز بێ لە ئۆبێکتەکانی(بابەتەکانی) بیرکردنەوە: بەلأم خودی چالاکییە مرۆییەکان بە چالاکی بابەتییانە ناناسێ. بۆیە چالاکی تیئۆری تەنها لە"ناوەرۆکی مەسیحییەت"، بە تاقە چالاکی مرۆیی راستەقینە دادەنێت، *لە کاتێکدا پراکسیس تەنها لە فۆرمە یەهودییە قیزەوەنەکەی، دیاریدەکات و دەیچەسپێنێ(ئەم پەرەگرافە لە وەرگێرانە عەرەبییەکەی لابراوە)* . هەر بۆیە لە مانای چالاکی "شۆڕشگێڕانە" ی" بەکردەوەی–ڕەخنەگرانە" تێناگات.

(2)

پرسیاری داخۆ، بیرکردنەوەی مرۆیی سەر بە حەقیقەتی مادییانەیە یا نا، پرسیارێکی تیئۆری نییە، بەڵکو پرسیارێکی *کردەوەییە*. مرۆڤ دەبێ لە کردەوەدا راستی، واتێ راستی و دەسەلأتی دنیایی بیرکردنەوەی بسەلمێنێ. مشتومڕکردن لە بارەی راستی و ناڕاستی بیرکردنەوەیەك کە لە پڕاکسیس دابڕاوە، پرسیارێکی تیولۆگی رووتە.

(3)

ئەو بیرە فێرکارییە مەتریالیستەی دەبێژێ، مرۆڤەکان، بەرهەمی بارودۆخ و پەروەردەن، کەواتە مرۆڤە گۆڕاوەکان بەرهەمی بارودۆخێکی ترو پەروەردەی گۆڕاون، لەبیری دەچێ کە مرۆڤەکان بە خۆدی خۆیان بارودۆخەکان دەگۆڕن و دەبێ بە خودی پەروەرکارەکە، پەروەردە بکرێ. بۆیە ئەم بیرکردنەوەیە وەك پێداویست بەو شوێنە دەگات، کۆمەڵگا بۆ دووکەرت دابەش بکات، یەکێکیان بە سەر کۆمەڵگا بالأتر دەبێ(بۆ نموونە لە رۆبێرت ئەوین). هاوجووتبوون لە نێوان گۆڕینی بارودۆخ و چالاکی مرۆیانە دەکرێ تەنها وەك کردەوەیەکی شۆڕشگێڕانە، تێڕابین و راتسیونالانە لێی تێبگەین.

(**4**)

فیورباخ لە فاکتومی لەخۆنامۆیی ئاینی، لە دووگانگی جیهان بۆ جیهانێکی ئاینی وەهمی و جیهانێکی واقیعییەوە، دەستپێدەکات. کارەکەی لەوەدا دەبینێ، جیهانی ئاینی لە بناغەی جیهانی خۆی بتوێنێتەوە. ئەو نابینێ کە بە ئەنجامدانی ئەم کارە، هێشتا کارە گرنگەکە دەبێ ئەنجام بدرێ. چێتر بلێین، حەقیقەت ئەوەیە، بناغەی جیهان، بە خۆدی خۆی، خۆی بەرز دەکاو مەملەکەتێکی سەربەخۆ لە ناو هەورەکان دەچەسپێنێ، ئەمە دەکرێ تەنها لە داتلێشانی خودو ناکۆکی ناوەوەوە، ئەم بناغە جیهانییە روون بکرێتەوە. کەواتە دەبێ یەکەم

جار ئەم خودە، لە ناكۆكییەكانی ناو خۆی لێ تێبگەین و لە پاشاندا بە ڕێگای لابردنی ناكۆكییەكان، بە كردەوە شۆڕشگێر دەبێ. كەواتە، بۆ نموونە، پاش ئەوەی دەردەكەوێت كە خێزانی سەرزەمین، نهێنی خێزانی پیرۆزە، ئەوا دەبێ ئێستا یەكەمەكەیان لەباری تیئۆرییەوە، ڕەخنە لەخۆ بگرێت ولە پراكسیسدا بگۆڕدرێت.

(5)

فیورباخ ئاسوودە نییە لە گەڵ بیری ئەبستراكت، بانگەوازی ڕوانگەی هەستیانە دەكات، بەڵام جیهانی هەستكردن وەك چالاكی *عەمەلی* هەستیاری – مرۆیانە تێناگات.

(6)

فیورباخ، ماهییەتی ئاینی لە ناو ماهییەتی مرۆیی دەتوێنێتەوە. بەڵام ماهییەتی مرۆ ئەبستراكتێك نییە بە هەر تاكێكەوە بە جیا لكابێت، بەڵكو لە واقیعدا، كۆی پەیوەندی كۆمەڵایەتییە. فیورباخ چونكە ڕەخنە لەم بوونە واقیعیە ناگرێ، بۆیە ناچار دەبێ: أ–خۆی لە چونەپێشەوەی مێژوو دادەرووتێنێ، ڕۆحی ئاینی دەچەسپێنێ و كریمانەی ئەبستراكتێكی مرۆیی تاكی–دابڕاو–دەكا. ب: دوایی لەلای ئەم، ماهییەتی مرۆیی تەنها وەك((ڕەگەز))دەبینێ، وەك نیهان و لاڵ، وەك تاكێكی زۆر كە بەشێوەیەكی سرووشتی پەتی، پەیوەندیی گشتییان دەبێ، تێبگەین.

(7)

بۆیە فیورباخ نابینی، كە((ڕۆحی ئاینی)) بەخۆی لە ناو بەرهەمهێنانی كۆمەڵایەتییە و ئەو تاكە ئەبستراكتە كە شیتەڵی دەكات، لە ڕاستیدا سەر بە شێوە كۆمەڵایەتییەكی دیاریكراوە.

(8)

ژیانی كۆمەڵایەتی لە ناوەڕۆكدا **عەمەلییە**. هەموو نهێنییەكان كە تیئۆری بەرەو سۆفێتی دەبەن، چارەسەرە عەقلانییەكەی لە كرداری مرۆیی و لە تێگەیشتن لەم كردارە دەكرێ.

(9)

باڵاترین خاڵ كە مەتریالیستی هەستیاری پێگەیشت، واتە ئەو مەتریالیزمەی، كە چالاكی هەستەكان وەك چالاكی كردار تێناگات، ڕوانگەی تاكەكانە لەناو((كۆمەڵگای مەدەنی)).

(10)

هەڵویستی هەموو مەتریالیستە كۆنەكان، هەڵویستی كۆمەڵگای((مەدەنی))یە، بەڵام هەڵویستی مەتریالیزمی نوێ، كۆمەڵگای مرۆییە یا مرۆڤایەتی هاوبەش.

(11)

فیلسوفەكان تاكو ئەمڕۆ جیهانیان تەنها بە شێوەی جۆراوجۆر **ڕاڤەكردووە**، بەڵام مەسەلە گرنگەكە ئەوەیە، **بگۆڕدرێ**.

لە پاش بڵاوكردنەوەی لە لایەن ئەنگلس لە ساڵی١٨٨٨.

سەرچاوە:Berlin,1973 Karl Marx.Friedrich Engels Werke,band3,S.533,Dietz Verlag

ئەم تێزانە لە جلدی سێهەمی ماركس و ئەنگلس، ل٥–٧ و ٥٣٣–٥٣٥بڵاوكراوەتەوە.

٢٠٠٢/٦/٢٥

كارل ماركس

كۆمەڵگای بۆرژوازی و شۆرشی کۆمونیستی*

١/ مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی مۆدێرن یا شۆرشی فەرەنسی.

خۆ فریودان لە بواری سیاسی–گۆڕین لە گەڵ دەولّتانی ئەنتیك(کۆن)**. هەڵویستی شۆرشگێرانە لە کۆمەڵگای مەدەنی. دوگانگی هەموو توخمەکان لە بوونی مەدەنی و دەوڵەتی.

٢/ راگەیاندنی مافی مرۆڤ و پێکهێنانی دەوڵەت. ئازادی تاك و دەسەلاّتی رەسمی. ئازادی، یەکسانی و یەکێتی.

٣/ دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی.

٤/دەوڵەتی نوێنەرایەتی و پەیماننامەکە. پێکهاتنی دەوڵەتی نوێنەرایەتی و دەوڵەتی دیموکراسی نوێنەرایەتی.

٥/ دابەشکردنی دەسەلاّت. زەبروزەنگی یاسایی و تەنفیزی.

٦/ دەسەلاّتی تەشریعی و دامەزراوی تەشریعی و یانە سیاسییەکان.

٧/ دەسەلاّتی تەنفیزی. سێنترالیزم و پلەوپایەکان، سێنترالیزم و سیاسەتی تسیڤیل. بوونی فیدرالیزم و پیشەسازیکردن. بەرێوەبەرایەتی دەوڵەت و حکومەتی ناوچەکان.

٨/ دەسەلاّتی دادگا و یاسا.

٨"/ نەتەوایەتی و گەل.

٩/ حیزبە سیاسییەکان.

٩"/ مافی دەنگدان، خەبات لە پێناوی نەهێشتنی دەوڵەت و کۆمەڵگای بۆرژوازی.

*ئەم تێبینییانە لە سەر لاپەرەی٢٢و٢٣ی دەفتەری تێبینییەکانی مارکس لە گەڵ ١١ تێزەکەی,,١. ئا دی فۆیەرباخ". لە وەرگێرانە عەرەبییەکە بەم شێوەیە نووسراوە: (مشروع مؤلف عن الدوله الحديپه).((شۆرشی کۆمونیستی)) لابردووە !.

بە گوێرەی بلاّوکردنەوەی ئینستیتوتی مارکس–ئەنگلس–لینین. مۆسکۆ١٩

کارل مارکس

(له بارەی فویەرباخ)*

خۆپەرەستی خوا لە ناکۆکی لە گەڵ مرۆڤی خۆپەرەست.
فریودان لە شۆڕش لەبارەی ناوەڕۆکی دەوڵەتی ئەنتیك
"زاراوە" و"جەوهەر"
شۆرش= مێژووی پێکهاتنی دەوڵەتی مۆدێرن[1]

*ئەم تێبینیانە لە سەر لاپەڕەی٥١ی دەفتەری تێبینییەکانی مارکس لە پێش ١١تێزەکەی لە باری فویەرباخ. جلدی ٣،لاپەڕەی ٥٣٧.
یەکەم جار لە ١٩٣٢بە ئەلمانی لە لایەن دەزگای مارکسیزم لینینیزمی سەر بە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی سۆڤێت بلاوکراوەتەوە.

[1] /Die Revolution=Entstehungsgeschichte des modernen Staats. وەرگێڕ بۆ عەرەبی : التاريخ الثوري لاصل الدولة الحديثة!!

## مارکس بۆ ئەنگلس

لەندەن، لە ١٨٦٧/٩/١١

...لە کۆنگرەی داهاتوو لە برۆکسل[2]، مشتێکی توند لەو برۆدۆنییە گێلانە دەوەشێنم. هەموو مەسەلەکان بە شێوەیەکی دیبلۆماسی رێکخستووە و نامەوێ بە خۆم دەربکەوم تا کتێبەکەم بلاوکرێتەوەو ڕەگی کۆمەڵەکەمان بتەو دەبێ. هەروا لە ڕاپۆرتی ڕەسمی بۆ شوورای گشتی، قامچییەکیان لێدەدەم(سەرەڕای هەموو هەوڵەکانیان، ئەو فرەبێژە پاریسییانە ناتوانن رێگەگری بکەن لە سەرلەنوێ هەڵبژاردنمان).

لەم کاتەدا، کۆمەڵەکەمان پێشکەوتنێکی مەزنی بەدەستهێناوە. رۆژنامەی(ستار)ی سوك وڕسوا کە دەیویست بە ئێجگاری لە بیرمان بکات، دوێنێ لە سەروتارەکەی رایگەیاند کە ئێمە لە کۆنگرەی ئاشتی[3] گرنگترین. هەروا لە بەرلین، سکولز دیتلیش نەیتوانی رێگا بگرێ لە هاتنی(کۆمەڵە کرێکارییەکەی) بۆ ریزەکانی ئێمە. سوك وڕسواکانی نێو سەندیکاکانی ئینگلیز کە پێیان وا بوو ئێمە زۆر((دوور))دەڕۆین، ئێستا بە غاردان بۆ لامان دێن. جگە لە رۆژنامەی(کوورییە فرانسیە)، چەندین ڕاپۆرت لە رۆژنامەی جیاردان ئازادی، سییکل، مود و غازێت دی فرانس بلاوکرانەوە...هتد، مەسەلەکان دەڕۆنە پێشەوە. لە شۆڕشی داهاتوودا کە لەوانەیە نزیکترە وەك دەردەکەوێت، ئەم ئامرازە زەبەلاحە بە دەستی ئێمەوە دەبێ(مەبەستم من و تۆیە). تۆ بەراوردی ئەمە بکە لە گەل سەرئەنجامەکانی ئەو چالاکییەکانە کە مازینی سەرکردایەتی دەکرد، هتد...لە ماوەی ئەو ٣٠ساڵە دواییە! لە بیرت نەچێ، بەبێ کەرەستەی پووڵی!، لە گەڵ پیلانەکانی برۆدۆنییەکان لە پاریس، هاوچەشنی مازینی لە ئیتالیا و ئێرەییکەرەکان لە نموونەی ئۆدجر و بوتەر لە لەندەن و لایەنگیرانی سکولز دیتلیش و لایەنگرانی لاسال لە ئەلمانیا! بە ڕاستی ئێمە لەتواناماندایە زۆر رازی بین...*

٢٠٠٢/٧/١٦

## مارکس بۆ ف. لاسال

لەندەن،لە ١٨٦١/١/١٦

[2] سالّی ١٨٦٨ کۆنگرەی ئەنتەرناسیونال لە برۆکسل دامەزرا و مارکس تێدا ئامادە نەبوو بەلاّم کارەکانی ئامادەکردنی ئاراستە کرد.

[3] مەبەست کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵەی ئاشتی و ئازادییە(سێپتێمبەری١٨٦٧لە ژنێف). ئەمە کۆمەڵەیەکی بۆرژوازی بوو لە پێناوی رووبەرووبوونی ئینتەرناسیونالی یەکەم دامەزرا.

٣/*لە عەرەبییەوە، مراسلات مارکس/انکلز، ترجمة فؤاد أیوب، دار دمشق للطباعة و النشر.

...کتێبەکەی داروین زۆر بایەخدارەو وەك بنەمایەکی سرووشتی لە پێناوی ناکۆکی چینەکان لە مێژوو خزمەتم دەکات. هەڵبەت مرۆڤ دەبێ بە شێوەی ئینگلیزی وشك، پشووی هەبێ لە شرۆڤاندن. سەرەڕای هەموو کەموکورپییەکانی، مشت لێدانە توندەکەی، بۆ یەکەم جار بەڕووی((غائیی))یەت لە زانستی سرووشتی نەوەشێنراوە، بەڵکو واتا عەقلانییەکەیشی بە شێوەیەکی ئەزموونگەری راڤە دەکرێ...

ئەنگلس بۆ ا. برنشتاین

لەندەن، لە١٨٨٣/٢/٢٧

...ئێمە بە حاڵیش، ئەندام نین لە حزبی ئەلمانی، پتر لە ئەندامبوونمان لە حزبی فەرەنسی، ئەمریکی یا رووسی و دەشتوانین بڵێین بە حاڵ بەستراوین بە بەرنامەی ئەلمانی، هەر بەقەد وابەستبوونمان بە بەرنامەی لانی کەمەوە. ئێمە، وەك نوێنەری سۆسیالیزمی نێونەتەوەیی بایەخ بە بارودۆخی خۆمان دەدەین. ئەمەش، ئەندامبوونمان لە حزبی نەتەوەیەکی تایبەت، قەدەغە دەکات. ئەگەر بۆ ئەلمانیا گەڕاینەوە، ئەوسا دەتوانین راستەوخۆ لە خەباتی ئەوێ بەشداری بکەین. بەڵام، ئەمە ئێستا هیچ بایەخێکی نییە...

... ئێمە هەر لە سەرەتاوە، بەوپەڕی هێزمانەوە خەباتمان کرد لە دژی ڕۆحی بۆرژوای بچووك و دووڕووی لە ناو حیزب، چونکە ئەم ڕۆحە کە لە رۆژانی جەنگی سیساڵیدا گەشەی کرد، هەموو چینەکانی لە ئەلمانیا پیس کردو بوو بە شەڕڕێك بە میراتی مایەوە، برای کویلایەتی و بە ئەژنۆچوونی زەلیلانەی رەعییەت و میراتی هەموو نوقسانییەکانی ئەلمانیایە. ئەمەیە ئێمەی کردووە بە شوێنی گاڵتەجاڕی و بێزلێهاتنەوە لە دەرەوەو هۆی سەرەکییە بۆ شل و خاوی کارەکتەری باو لە نێوماندا. ئەمە لەسەر تەختی پاشایەتی و لە ناو ماڵی پینەچی، باڵادەستە.

لەوەتی لە ئەلمانیا پرۆلیتاریای مۆدێرن پێکهاتووە، بۆ یەکەم جارە چینێك گەشەی سەند، بە حاڵ لەو میراتگەرییە هیچی بەرکەوتووەو خاوەن تێڕوانینی ئازاد، وزە، روح سووکی و سەرسەختە لە خەبات. ئایا ئەوە ئەرکی ئێمە نییە، لە دژی هەر هەوڵێکدا خەبات بکەین، بییەوێ ئەم چینە ساغە–تاقە چینی ساخ لە ئەلمانیا– بە شێوەیەکی دەسکرد ژەهری بە میراتماو تێ بئاخێنن بۆ بۆزبوون و تەسکبینی خوردە بۆرژوازییانە؟ بەڵام رابەرەکان، پاش شاڵاوەکە[4] و یاسای راستەوخۆی دژی سۆسیالیستەکان، ترسێکی لە رادەبەدەریان پیشانداو سەلماندیان کە ماوەیەکی دوورودرێژە لە نێو دووڕووەکان ژیاون و لە ژێر فشاری کاتێکردنەکانیاندان.

---

[4]/ لە ١٨٧٨/٥/١١، کارل ئیدوارد نۆبلینگ هەوڵی کوشتنی ڤیلهێلمی یەکەمی دا. بیسمارك ئەم هەوڵەی قۆزتەوە و وەك بیانوویەك بەکاری هێنا بۆ ئەوەی پەرلەمان یاسای دژ بە سۆسیالیستەکان قبوولّ بکەن.

حیزب، دەبوایە هەر ئەو کاتە وەك ڕێکخراوێکی خوردە بۆرژوازی دەربکەێت گەر چی بەراستی و بە کردەوە نەببوو بە خوردە بۆرژوازی. ئەو کات بەخت یارمان بوو، توانیمان بە سەر هەموو ئەو مەسەلانە سەربکەوین، کەچی کەسە خوردە بۆرژواکان کە ماوەیەکی کورت پێشی یاسا دژ بە سۆسیالیستەکان هاتنە ریزی حیزبەوە، بە تایبەتی دەرچووی ئینستیتوت ودەرەنەچووەکانی تاقیکردنەوەکان، لە ریزەکانمانن و دەبێ بە وریاییەوە چاودێریان بکەین...

مارکس/ فریدرك ئەنگلس

جلدی ۳٥، لاپەڕەی ٤٤٢–٤٤٥

تێبینی: ئەم نامەیە دورو درێژترە، بەداخەوە، دکتۆر فوئاد ئەیوب وەرگێڕی(مراسلات مارکس انجلز) کە لە(دار دمشق للطباعة و النشر)بلاوکراوەتەوە، دەبوایە وەك دەسپاکی زانستی،لەو شوێنانەی نامەکانی کورت کردووە یا بە پێویستی نەزانیوە بۆ وەرگێڕان، هێمای بۆ بکردبا. کتێبی ناوبراو لە ساڵی ۱۹٥٥ لە مۆسکۆ بە زمانی ئەنگلیزی بلاوکراوەتەوە.

## لە ئەنگلسەوە بۆ ا.برنشتاین

لە ۱۸۸۳/۱/۱۸

...ئێمە خۆشحالبووین لە بارەی ئەو وەلامانە کە گریللنبرجر و سۆسیال دیموکرات لە پەرچدانەوەی درۆدەڵەسەکانی بوتکامەرپێشکەشیان کرد. دەبێ مەسەلەکان ئاوەها درووست بکرێن، نەك پێچدانەوەو سەردانەواندن لە ژێر لێدانەکانی بەرامبەر، نەك بێزاری پیشاندن، گڕوزاندن و تەتەڵەکردنی زمان بە بیانووهێنانەوە کە مەبەستەکە بەدکاری نەبووە–وەك زۆر کەس بەمە هەڵدەستن، کاتی دوو بەرابەر وەلامیان دەدرێتەوە. تۆ دەبێ بەمە هەستی، دوو یا سێ بەرامبەر دەستبووەشێنی لە بەرامبەر دەستوەشانێك دوژمن ئارەستەت بکات. هەمیشە ئەمە تاکتیکی ئێمە بوو، و بە بڕوای من تا ئێستا لە وانەیە بەسەر هەر یەك لە دوژمنەکانمان سەرکەوتین. فریتسی پیرەمێرد لە هەندێ لە ڕێنماییەکانی بۆ جەنەڕاڵەکانی وتی: ((و بە کورتی، بلیمەتی سەربازەکانمان لە هێرشبرنەکانیان دەردەکەوێت، ئەمەیش مەسەلەیەکی زۆر باشە)). ئەمەش ئەو شێوەیە کە کرێکارەکانمان لە ئەلمانیا پێی هەڵدەستن. بەلام بۆ

۱/ ئەنگلس هێما بۆ بۆ ئەو ووتارە دەکا کە نوێنەری سۆسیال دیموکرات لە پەرلەمان خوێندییەوە و ئەو وتارانە کە سۆسیال دیموکرات بلاوکرایەوە لە بارەی گفتوگۆ لە سەر یاسا تایبەتییەکان لە دژی سۆسیالیستەکان.

نموونه، ئەگەر قەیسەر لە کاتی گفتوگۆ لە سەر یاسا تایبەتەکان–گریمان ئەو برگە وەرگێڕاوە، درووستە[6] –با بڵێین ئێمە تەنها بە مانا بکوییەکەی شۆڕشگێڕین، ئەدی چ بکەین؟ من پێتان دەڵێم، دەبوایە چ بگوترایا: هەموو ئەندامانی پەرلەمان بە بۆنەی شۆڕشەوە لەوێ دانیشتوون و کاتێ ولییەمی پیرەمێردیش کە سێ تاج و شارێکی ئازاد، قووتدا، شۆڕشگێڕ بوو. هەموو شەرعییەت کە ناوی لێدەنێن بنچینەی هەق، تەنها بەرهەمی شۆڕشگەلێکی بێ ژمارەن لە دژی ئیرادەی گەل بەرپاکراو لە دژی گەل ئاراستە دەکرا.

ئێمە کەی لەو بۆزی ئەلمانییە مەلعونە لە هزر و ئیرادەدا کە بە ماندووبوونێکی گەورە، شان بە شانی... بۆ ناو حیزب هێنرا، رزگارمان دەبێ.

## ئەنگلس بۆ ک.کاوتسکی

لەندەن، لە ١٢/سیپتیمبەر/١٨٨٢

(...)ئێوە پرسیارم لێ دەکەن، چۆن کرێکارە ئەنگلیزەکان لە بارەی سیاسەتی کۆلۆنیالی بیردەکەنەوە؟ ئێستا، رێك هەمان بۆچوونیان هەس، لە بارەی سیاسەت بەگشتی: هەمان بیرکردنەوەی بۆرژوازییەکانە. لێرەدا هیچ حیزبێکی کرێکاری نییە، بەڵکو، وەك دەبینین هیچی تر نییە، جگە لە کۆنزەرفاتیڤەکان، لیبراڵە رادیکاڵەکان و کرێکارەکانیش بە خۆشییەوە لە مێوانداری مۆنۆپۆلی ئەنگلیز بۆ بازاڕی جیهانی و کۆلۆنییەکان، بەشداری دەکەن.

بە بۆچوونی من، کۆلۆنییەکان بە تایبەتی، واتە ئەو وەلاتانە کە دانیشتوانە ئۆروپییەکان– کەنەدا، کاب، ئوستراليا داگیریان کردووە، سەربەخۆ دەبن. لە لایەکی ترەوە، وەلاتە دەستبەسەرداکراوەکان کە لەدایکبووەکانی خۆی تێدا دەژێن–هیند،جەزایەر،و کۆلۆنییەکانی هۆڵەنداو پورتوگال و ئەسپانیا– دەبێ بە شێوەیەکی کاتی لە لایەن پرۆلیتاریاوە وەربگیرێت و بەو پەڕی خێراییەوە سەربەخۆییان رابگەیەندرێت....

یەك شت هەیە لێی دڵنیام: پرۆلیتاریای سەرکەوتوو، ناتوانێ بە زۆر، هیچ جۆرە خۆشبەختییەك بە سەر گەلانی تر بسەپێنێت، بێ ئەوەی سەرکەوتنەکەی لە گۆڕ بنێ. هەڵبەت ئاساییشە، رێگا لە جەنگی بەرگری لە خۆی جۆراوجۆر، ناگیرێت.(...) *

**Karl Marx/Friedrich Engels: Werke, Bd, 35, 357/358**

*کورتم کردووەتەوە

---

[6]/ لە لایەن فیریکەوە.

## لە ئەنگلسەوە بۆ مارکس

مانشیستەر، لە ٧تشرینی یەکەم١٨٥٨

...مەسەلەکە لە گەڵ جۆنس زۆر قیزەوەنە. لێرە کۆبوونەوەیەکی کردو بە دوورو درێژی بە گوێرەی هێڵی هاوپەیمانی نوێی قسەی کرد. پێدەچێ مرۆڤ پاش ئەم مەسەلەیە، ناچار بێ بگاتە ئەو بڕوایە کە بزووتنەوەی پرۆلیتاری بەریتانی لە شێوە شارتییە کلاسیکی کۆنەکەی، دەبێ بە تەواوەتی لەناو بچێ، پێش ئەوەی بتوانێ بەشێوەیەکی نوێ گەشە بکات و توانای ژیانی ببێ. لە گەڵ ئەوەشدا وا دێتە پێش چاوم کە بزووتنەوەی جۆنسی نوێ، گەر لە گەڵ هەوڵە کۆنە زۆر یا کەم سەرکەوتووکان کۆبکرێتەوە لە پێناوی ئەم جۆرە هاوپەیمانییە، بەکردەوە بەو راستییە بەستراوە کە پرۆلیتاریای ئینگلیزی لە کاتی ئێستادا، زیاد یا کەم بووە بە بۆرژوا. بەشێوەیەك، ئەم نەتەوە لە هەموو نەتەوەکانی تر بۆرژوازیترەو وەك دەردەکەوێ، لە کۆتاییدا مەسەلەکە، ئامانجی ئەوەیە ببێ بە خاوەن ئۆرستوکراتی و وپرۆلیتاریای بۆرژوازی لە پاڵ بۆرژوازییەت. بێ گومان ئەم مەسەلەیە تا ڕادەیەکی دیاریکراودا بیانووی خۆی هەیە بۆ نەتەوەیەك، هەموو جیهان دەچەوسێنێتەوە. لێرەدا، تاقە شت کە دەتوانێت نەختێك یارمەتی بدا، ئەوەیە، چەند ساڵێکی زۆر بەد پێش بێ، بەڵام پێناچێ لەمەودوا بە سانایی پێش بێ، لەوەتی ئاڵتوون دۆزراوەتەوە.[٧]

---

[7]/ گۆڕانی جۆنس بۆ سیاسەتی هاریکاری لە گەڵ بۆرژوازی، بوو بە هۆی پچڕاندنی پەیوەندی لە نێوان خۆی و مارکس. لە یەکی شوبات/١٨٥٩ مارکس بۆ ویدیمیر نووسی: پەیوەندیم بە ئێرنست جۆنس پچراند. سەرەڕای ئاگادارکردنەوە یەك لە دوای یەکەکانم و سەرەڕای ئەوەی پێشبینی ئەمەی ئێستا روویدا دەقاودەق، کرد– ئەوەی کە خۆی وێران دەکا و حزبی شارتییەکان لێکدادەپچڕێنێ– درێژەی دا لە هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی هەوکاریکردن لەگەڵ بۆرژوا رادیکالەکان. ئێستا پێوێکی موفلیسە و ئەو زیانە کە بە پرۆلیتاریای ئەنگلیز گەیاندی، زیانێکی گەورەیە. ئاساییە ئەم گوناهە راستدەکرێتەوە، بەڵام چرکەیەکی زۆر گونجاو بۆ کردەوە لە کیس چوو. لەشکرێك لەبەر چاوت راگرە، سەرکردەکەی لە رۆژی جەنگ دەچێتە پاڵ دوژمن)).